# پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی (با )

سەرهەنگ خامۆش
Xamosh_s@hotmail.com

ئەم ئێوارەیە

لە تارمایی بێ ئۆقرەی شیعرێكمەوە

پەنجەكانم

لە ژێی تاری پرچی كازیوە دەرەنجێنم

بە كۆڵێ وشەوە باڵ دەگرم

ئۆقیانووسەكانی ئەوین دەبڕم

سەرێ لە ماڵی (با )دەدەم

دەڕۆم

سەفەرە تاڵەكانی نامۆییت بۆ دەگێڕمەوە

ڕۆحم ..هەناسەم..جەستەم

بە هەنگاوەكانی (با )دەسپێرم

كەچی ئەو ناهێڵێ

لە پەنجەرەكانی فیراقەوە

لە كەناری دووریت ڕامێنم

بە ئاسپایی

ئەم دوو ووشەیەت بۆ بدركێنم

كە ساڵانێكە پیتەكانی

لە نێو هەگبەی شێواومدا

پەرش و بڵاون ...

من جارێكیان

بە قەد پیرەدارێكی نێو باوەشی خەزان

لە (با )پاڕامەوە

كەچی تۆزقاڵێكیش

بە زەیی بە پرچی زەردی خەمەكانم نەهاتەوە

(با )بوو

خانووه بچكۆله‌كانی

نێو یاریگای منداڵی لێ ڕووخاندم

كۆلاره‌كانی ئاسمانی خه‌ونی

لێ پچراندم

گه‌رده‌لوولی مه‌رگی هێنا

ده‌ست و په‌نجه‌ی ناسكی

بیره‌وه‌رییه‌كانی لێ هه‌لوه‌راندم

(با )بوو

سینه‌ی شیعرێكی لێ والاّ كردم

دوگمه‌ی ووشه‌كانی لێ كردم به‌ زریان

یاری به‌ مه‌مكی كۆپله‌كانم ده‌كرد

ئاخر من چۆن

له‌ زمانی (با )حالی بم

ساتێك هێمنه‌ و ساتێكیش شێت...

تازه‌ دره‌نگه‌

بۆ پیاسه‌یه‌ك له‌گه‌ل زه‌رده‌خه‌نه‌ی (با )

بۆ نێو حه‌سره‌ته‌ یاخی بووه‌كانی نامۆیی

ببووره‌ ...

ئه‌مجاره‌یان به‌ هه‌نگاوه‌كانی (با )ڕانه‌گه‌یشتی

سه‌فه‌رێك به‌ره‌و مه‌ملەكه‌تی فه‌نا بوون بكه‌ی

ئاخر چۆن گول له‌ زمانی (با )حالّی ده‌بێ

له‌گه‌ل شه‌پۆله‌كانی ده‌ریاش ته‌با ده‌بێ

كه‌ (با )شای نێو دارستانی خه‌ون بێ

(ئا و )یش سه‌رله‌شكری و یژدان

تازه‌ دره‌نگه‌

بۆ ئاوێته‌ بوونی

وه‌نه‌وزه‌كانی ژێر ساباتی عه‌شق

دوای چی ؟

پاش ئەوەی کفنی سپی بەرائەتت
لە کەناری دەشت و دۆڵی نیشتمان جێ هێشت
نەمامی عەشقێکی پاکت
لە بێشەلأنی غوربەت چاند
چۆن لە ورشە شێتەکانی (با ) نەترسای ؟
نا ئەمجارەیان هەرگیز
پەیامە پیرۆزەکانی عەشق لێمان نابوورن
وا خەریکە دوانزگرەی هەناسەی ماندووم
لە بەردەم بلێسەی جوانی تۆدا
تەواو دەبێ
سۆمای چاویشم
برژانگەکانی پێلوی شەو
دایان دەپۆشن
ڕۆحم بۆتە ئاوازێکی بێ دەنگ
بێ هۆشتر لە تارمایی
جەستەی جۆلەکەییێکی تینو
تازە درەنگە
بۆ پیاسەیەك لەگەل زەردەخەنەی (با )
بۆ نێو حەسرەتە یاخی بووەکانی نامۆیی
تازە ئەوان بوون بە سیناریۆی
شانۆگەرییەکی بەر ەبەیانێکی خەواڵو
لە بەردەم تەوژمی (با )دا هەڵوەرین
ئاخر من چۆن
لە زمانی (با )حاڵی بم
ساتێك هێمنە و ساتێکیش شێت....